واشنتۆن داوا لە سووریا دەکات هەرشەکانی لە حەلەب و تەبقە ڕابگرێت

ئەدمیرال براد کۆپەر، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا، داوای لە سوپای عەرەبیی سووریا کرد هەرشەکانی لە ناوچەکانی نێوان حەلەب و تەبقە ڕابگرێت.

ئەدمیرال براد کۆپەر، لە ڕاگەیەنراوەکدا، پشتگیریی وڵاتەکەی بە هەوڵی هەموو لایەنەکان لە سووریا دووپاتکردەوە بە ئامانجی ڕێگری زیاتربوونی توندوتیژییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە.

ئەدمیرال براد کۆپەر، دەڵێت "هانی هەزە حکومییەکانی سووریا دەدەین دەست لە هەرشەکان هەڵبگرن لەو ناوچانەی کە دەکەونە نێوان حەلەب و تەبقەوە".

فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا جەختیکردەوە، لەناوبردنی ڕێکخراوی داعش پێویستی بە فشاری سەربازیی هەماهەنگ هەیە لەنێوان هاوبەشە سووریەکان و هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان.

ئەدمیرال براد کۆپەر، فەرماندەی فەرماندەیی ئەمریکا دەشێت، "سەقامگیریی ناوچەکە پشت بە سووریایەکی ئارام لەناوخۆ و لەگەڵ دراوسێکانیدا دەبەستێت".